تەرمی چەند کۆچبەری کورد لە دەریای ئیتالیا دەزرایەوە



ئاژانسی فەرمی هەواڵی ئیتالیا باویکردووە، "دوای نوقمبوونی بەڵەمی کۆچبەران، کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر نزیکەی 120 میل دەریایی لە کەناراوەکانی کالابریا ڕوویدا، ئێستاش بەڵەمەکە نیمچە ژێرئاوکەوتووەکە دیارە و ئەو شش تەرمیان دەرهێناوەتەوە".

ئاژانسی فەرمی ئیتالیا ئاماژەی بۆشکرد، گەیان بۆشۆن تەرمەکاندا بڕدوامە و جگە لە کەشتی پاسەوانی کەناراوەکان، فڕۆکەی سیخوڕی مانتا و فڕۆکەکانی دیکەش بیارە ئەو بەسەر ناوچەی ڕووداوەکەدا بفڕن، بە هەماهەنگی سەنتەری ڕزگارکردنی دەریایی لاوکی لە ڕۆجیە کالابریا.

هەفتەی ڕابردوو 70 کۆچبەر لە تورکیا بەرەو ئیتالیا بەرکەکەوتن، لە ڕۆژی سێشەمە ئەو کۆچبەرانە شوێنی جوگرافی بەڵەمەکەیان باوکردووە کە بەسەلامەتی ئاوی یەنانیان تێپەڕاندووە. چالاکوانی بواری کۆچبەران، ڕێنج پشدەری لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میدیای کوردسات وتی: دوای سێشەمە (11ـی حوزەیرانی 2024) بەڵەمەکە دیار نەماوە و ڕۆژی پێنجشەمە دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی ئیتالیا، دەرکەوتووە کە بەڵەمەکەیان نوقوم بووە لە ئێنجامدا 60 کەسیان خنکاون.

لەو ژمارەیە 35 کۆچبەریان کوردی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوانی دیکە ئێرانی و ئەفغانین، 10 کەسیش ڕزگارکراون و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کراون و ڕووشی تەندروستییان ناجێگیرە.